

# له باخچه‌ی ڕه‌نگێکا بستێکم بده‌نێ تیا بڕوێم

شیعری: بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا
حوزەیران و تەمووزی2003

bhastiar@yahoo.de

(کاروان عومەر کاکە سوور )لە کتێبی(مناڵییم ئاسکێك بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد)دا دەڵێ: ماڵی کابرایەك هاتە کۆڵانەکەمانەوە، ئەم پیاوە ساڵانێك بوو کچێکی بە ناوی(فایزە)وە خۆش ویستبوو،بەڵام نەك هەر فایزە نەبووە خێزانی بەڵکو باوك و براکەی لەسەر ئەو مەسەلەیە لە قوتابخانە دەریان هێنابوو ،شەویش بە خەوتوویی خنکاندبوویان،جا لەبەر ئەوەی (عارف تاڵەبانی) نەیدەویست باوەڕ بە مەرگی (فایزە)بهێنێت،بۆیە بە خەیاڵ کردبویە هاوسەری خۆی وهەر بە خەیاڵیش چەند منداڵێکی لێی هەبوو ،هەمیشەش واقسەی لەگەڵ (فایزە)و منداڵەکانی دەکرد وەك ئەوەی بەڕاستی پێکەوە دانیشتبن........عارف تاڵەبانی لە حەفتاو چواردا یەکێك بوو لە پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاریی وشەهید کرا،پاش خۆی ژنێکی گەنج و چوار منداڵی هەتیوی بەجێ هێشت!!!!!!!.

(بەعەشقە پڕفانتازیاکەی عارف تاڵەبانیی و فایزەو هەرچوار منداڵە هەتیوەکەیان پێشکەشە.)

شەپۆلێ لە حوزن پەی دەر پەی ئەمباتەوە سەر
قەوزەی کەنارە لووسەکان
پێم لە پەلکی یادگارێ ئەخلیسکێ و
تورم دەداتە بەر دەرگای کەونە خەمێ
مەدە هاوارە ، پڕ جامێك لەئاوی ئەو تەمەنەم پێ بدەوە
کە قومرییەکان باڵیان لە من قەرز ئەکرد بۆ فرین
بزانە بەشی چەند سەدەم ئەکات!!

*********

هەمیشە بە دەستێك ختووکەی



ئەو رۆژە مەراق بردووانەی خۆم ئەدەم
بێهوودە چاوەڕێی شتێك بوون
لە باخچەی ڕەنگێكدا بستێكیان بداتێ تیا بڕوێن
داوێنی گوڵێكیان ئەگرت تا هیچ نەبێ
قردێلەی بۆنێكیان لەقژ دات...
بۆ ئەوەی لە پیاسەی تەمەندا قۆڵ بکەن بەقۆڵی
تاڵێ لە تریفەو تەڵێ وەنەوشەدا،
مەدەد هاوارە،
هەورێکم پێ بدە نسێ بێ بۆ سەری
ئەو ساتە سەیرانەی
سەیوانێ نەبوو بۆ
کڕبوونی عاتیفەو غوبابیی عیشقێك تا
بای باڵی خۆی بدا؛
بڕوانن، من تازە زات ناکەم ئاوڕێ بەمەوەوە
رۆژانێ ببینم، ساکەدەشت
تەمەنێ سەرا پا کێڵگە بێ بۆ پێك نەگەشتن و
دەست بێ بۆ ماڵئاواکردن و
بزربوون بەرزبوووبێتەوە
*********

نە دڵۆپێ باران لە سیمای ژێر تەمی پەڕاگەندەیی من ئەگەشت و
نە چەمێك لە گوڵاو هەرێزی وشك بووی ئاهێکی بۆ پاراو ئەکردم
ئەڕۆشتم وەك ئەوەی سەرابێ کێشم کا
ئەڕۆشتم من هەر خۆم لەنەسلی ئاوبووم و کەچی
خەرمانی هەناوی (فایزە) نێڵە نیڵ ئەسووتاو
نەمتوانی بڕژێم،
مەدەد هاوارە، پڕجامێ لە عەتری عیشقەکەی ئەوم پێ بدەوە
بزانە خەراباتێ چەند سەدەی پێ ئەکەم بە گوڵجاڕ
***********

بەر لەوەی بێمە لات بەکەناری ڕووبارەکانا پیاسەم ئەکرد

بۆیە کە سلاوم لێ ئەکردی یەکپارچە تەڕبوونم لێ ئەچۆڕا
ئاخر من نەمئەتوانی بچمە باخێ شەوبۆوەو
کەچی گۆرانییەکی وشك بم،یان
پرژەی شەپۆلێ وەك دەسماڵی عیشقەکەی تۆ
تەڕتەڕی نەکردبمەوە بۆ ڕامووسانێ
جوان نەبوو، نا، سەوزبوون شەلاڵی نەکردبم لە خۆی و
لە سێبەری بییە چەمیلەیەکدا ڕاکشێم
سەیر بوو گوڵەکەم ،سەیر،
لەسای پەلکە گیایەکی بۆندارا هەرزاڵێکمان بۆ عیشق چێ کرد
هەرزاڵێك پڕ عەتری ماچ وپڕ پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگی هەناسە
کەچی..............!
مەددە هاوارە،هەر تەنها پەپوولەیەك،
بهێنەرەوە ژێر سایەی ئەم کولبەی ئەحزانی دڵەم؛
ئەو حیکایەتە بریندارانەمان پێ بدەوە
کەلەسەنگەرەکانی عیشقا لەشکری ئەشقیا پێیان جێ هێشتین
بماندەوە،ئیدی ئێمەو ئەم خەراباتی وجودەی ئەوان کوجا مەرحەبا
بەڵێن بێ، بە خۆمان وجەستەی خوێناویی حیکایەتەکانمانەوە
سەری عیشق لە جانتای سەفەرێکمانا هەڵگرین ،
سەفەرێك لە هەگبەی ونبوونا و
ونبوونێك لە سیلەی فەنابوونەوە،
فەنابوونێك شکۆفە لێوەی سەر بکا....
لەسەر بستێ لە خاکی ئەو ڕەنگانەی
خۆمان نەبێ کەس نەیدیین....
خۆمان نەبێ، کەس بەشیفۆنی ناسکیان نەخەوتبێ..